کخ کخ فڕێی بدە، ئایا نازانیت کە ئێمە لە خێرکردن ناخۆین

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: حەسەنی کوڕی عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- خورمایەکی هەڵگرت لەو خورمایەی وەکو خێر بەخشرا بوو، وکردیە دەمیەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کخ کخ فڕێی بدە، ئایا نازانیت کە ئێمە لە خێرکردن ناخۆین». ولە گێڕانەوەیەکدا: «وەرگرتنی خێر حەڵاڵ نییە بۆ ئێمە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حەسەنی کوڕی عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- خورمایەکی هەڵگرت لەو خورمایانەی وەکو زەکاتی خورما بەخشرا بوو؛ وکردیە نێو دەمی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: (کخ کخ): واتا ئەمە بۆ تۆ ناگونجێت، وپاشان فەرمانی پێیکرد کە لە دەمی دەرپیکات، وفەرمووی: (ئایا نازانیت کە ئێمە لە خێرکردن ناخۆین) یان (وەرگرتنی خێر حەڵاڵ نییە بۆ ئێمە).خێرکردن حەڵاڵ نییە بۆ ئەهلی بەیتی -بنەماڵەی- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چونکە ئەوانە بەڕێزترینی نێو خەڵکین، وزەکات وخێرکردنەکان چونکە دەبەخشرێن بۆئەوەی سامانەکانی خەڵکی پاک بکرێنەوە لە پیسیەکان، وبۆیە گونجا نییە کە ببەخشرێت بە بەڕێزترینەکانی نێو خەڵکی، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە مامی عەباس فەرمووی -ڕەزای خوای لێبێت- : (إنا آل محمد لا تحل لنا الصدقة؛ إنما هي أوساخ الناس) واتە: (ئێمە بنەماڵەی موحەمەد -ئەهلی موحەمەد- وەرگرتنی خێر حەڵاڵ نییە بۆمان؛ چونکە ئەوانە پیسی خەڵکین) واتا دەبەخشرێن بۆئەوەی خەڵکی لە پیسی تاوان وگوناهەکانی نەفسیان وسامانەکانیان پاک ببنەوە بۆیە گونجاو نییە ببەخشرێت بە بەڕێزترینی مرۆڤەکان کە بنەماڵەی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10102